# کوردانی هۆڵەندا ڕۆژی شەممە 3-1 دژبە تورکیاله شاری دەنهاخ خۆپیشاندان دەکەن

هەرچەندە ئێمە پێشتر ڕامان گەیاندبوو ڕۆژی هەینی 29-2-2008 کاتژمێر 1 ی پاشنیوەڕۆ لە بەردەم باڵوێزخانەی ئامەریکا لە شاری دەنهاخ خۆپیشاندان ساز بکەین , پێمان باش بوو ئەگەر ژمارەی بەشداربووان کەمتریش بێت لە ڕۆژی دەوامی فەرمیدا ناڕەزایەتییەکە ئەنجامبدەین , هەروەها باوەڕیشمان وایە تورکەکان لە لوتبەرزیدا وەك جارانی پێشوو وەڵاممان نادەنەوە , لە سەروی ئەمانەوە لە هەستکرنمان بە بەرژەوەندی گشتی و داواکاری دڵسۆزان بۆ یەکخستنی هەردوو خۆپیشاندانەکەی هۆڵەندا , بۆیە بڕیارمان دا خۆپیشاندانەکەمان هاوکات بکەین لە گەڵ خۆپیشاندانی ئەوڕێکخراوانەی ڕۆژی شەممە کاتژمێر 1 ی پاشنیوەڕۆ لە بەردەم باڵوێزخانەی تورکیا ئەنجامی دەدەن .

لێرەوە بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین لەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بە یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بەشدار بن .

شەممە 1-3-2008

کاتژمێر 1 ی پاشنیوەڕۆ

شوێن : دەنهاخ بەردەم باڵوێزخانەی تورکیا , لە سەنتراڵ ستاسیۆنەوە چەند خولەکێك دورە .

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان- کۆمیتەی هۆڵەندا

ناوەندی گەشە پێدانی کەرکووك

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

ناوەندی کوردی لە زوتەرمیر

کۆمەڵێك ڕۆشنبیر لە هۆڵەندا

ناوەندی چاك www.chaknews.com